# کۆمیدیای ڕەشی قەترانی

حەمە سەعید حەسەن

لـە بۆکسـانێدا، ئـەوی سـەر بـە کێشـی سـووك بـێ، ناچـێتە شەڕی بۆکسەوانێکی کێشی مامـناوەندی، یان قورسەوە. نەسیم حەمید گێچەڵ بە مایك تایسن ناکا. ئەگەر لە نووسینیشدا هەر کەس کێشی خۆی زانیبا، چۆلەکە نەدەچووە شەڕی هەڵۆوە. بۆکسەوان بۆی نییە، بۆکس لـە پشـتوێن بـەرەو خـواری ڕکەبەرەکـەی بـدات. بریا دەروازەی کۆشکی بلاۆکردنەوە بە ڕووی ئەوانەدا کە هێڵی سوور دەبەزێنن و بۆکسی وشە ئاڕاستەی ژێر پشتوێن دەکەن، کلۆم دەدرا.

مـن ئەگەرچـی گـەلێ لەقـەی وشـە ئاڕاسـتەی ژێـر پشـتوێنم کـراوە، وەلێ بـە دەگمـەن لـەو لەقەوەشـێنانە هاتوومە دەنگ. کە بە پێویستم زانیبێ و وەڵامی یەکێکیانم دابێتەوە، کردوومە بـە کەرەسـەی نوکتە. یەکێك لە خوێنەرەکانم جارێکیان پێی گوتم: (کە ڕەخنەیەکی نا بەجێت لێ دەگیرێـت و سـوور دەزانم مافـت پێشـێل کـراوە، بەزەیـیم بە ڕەخنەبازەکەدا دێتەوە، ئاخر دڵنیام ئەگەر بەرسڤی بدەیەوە، دەیکەی بە پۆڕی خوراو.)

(کـە خـەڵکی مەکدۆنـیا گوتـیان< پـیرو>مـان لـە تـۆ پـێ باشترە، شا دیمیتریۆس، وەك پاشا ڕەوتـاری نەکـرد، پۆشـاکی شـایانەی فـڕێ دا و جلـێکی سـاکاری پۆشـی و بـە هێمـنی وڵاتـی بەجێهێشت، تەواو وەك ئەکتەرێ کە دوای نمایش جلەکانی دەگۆڕێ و دەڕوا.)*

بـریا بلاۆکـراوە کوردییەکان، نەریـتی ڕاپرسینیان ڕەچاو دەکرد و ئابلۆو قەیان دەخستە سەر نووسـەرانی بـێ خوێـنەر. بـریا ئەوانـەی دەیـان سـاڵە دەنووسـن و هێشـتا خوێـنەرێك پـێی نـەگوتوون: دەست خۆش، وەك شا دیمیتریۆس، چۆن بەرگی شایانەی فڕێ دا، قەڵەمیان توور دەدا.

کۆمـیدیای ڕەشـی قەتـرانی ئەوەیـە، هـەندێ لەوانـەی توانـای نووسـینی ڕسـتەیەکی ڕاسـت و ڕەوانـیان نیـیە، ڕێسـاکانی نووسـین و بلاۆکـردنەوە بـۆ نووسـەرانی کێشی قورس دەستنیشان دەکـەن. سـەبارەت بەوانـەی لـە کێشـی منـدا نـین و گێچەڵم پـێ دەکەن، هەمیشە ڕێسای سەد قەل و بەردێ ڕەچاو دەکەم.

*دیوان کاظافیس، ترجمة نعیم عطیة، ص۲۹ دار الصباح، الکویت۱۹۹۳

Kurdistan Net